# چیرۆکی بێ کۆتایی

**ڕەووف بێگەرد**

ئەو نەیدەزانی لە کوێوە دەست بە نووسینی چیرۆکەکە بکات و چۆنیش کۆتایی پێ بهێنێت. ئەمە یەکەمجاری نییە دارشتنی بیرۆکەیەکی لێ نەبێتە سووتانی ڕۆماو پاژنەکەی ئاخیل، کەچی هەندێک جار ڕێکەوتووە (خۆی ئەمە بە موجیزەی نووسین دادەنێت)، هەڵچوون و گەرمایی ناوەوەی خۆی بەستەڵەکی وەستان و ڕاڕاییەکانی کردۆتە ڕووباری وشە و داویەتە بەر شەپۆلی بیر و سەری خەیاڵی گەیاندۆتە ترۆپکی داهێنان. ئیتر ئەمە سیحری نووسینە و لەو تەلیسمانەیە لێکدانەوەی ژیارییانەی بۆ ناکرێت (خودی ئەم نووسەرە لەو ڕاستییە ئاگادارە). بۆ دەیەمین جار قەڵەمەکەی لەنێو پەنجەکانیدا یاریی ترس و گومانی خۆی کرد، دێڕێکی دەنووسی و بە تووڕەییە تایبەتییەکەیەوە زوو دەیکوژاندەوە، وشە بێ چارەکان لەنێو هەڵدێری نەگونجان و درشتییاندا ڕیزدەبوون و دوای کەمێک هەڵدەوەشانەوە و پەرەوازە دەبوون. ئەو تا دەهات ئاگرەکەی نــاوەوەی زیاتر بڵێسەی دەسەند و دەیویست بە وشەکان بڵێت: ئێوە چەند دەتانەوێت بە بێ مانایی خۆتان ڕادەستی من بکەن، من لەوە زیاتر ماناتان لێ دروست دەکەم. ئەو بۆ ئەم حاڵەتە خۆی وەک زانایەک دەبینێت کە لە دوا چرکەساتی ژیاندایە، کاتێک لە دوا هەنگاوی تاقیکردنەوە تازەکەیدا زۆر لـەوە بەگومانە ئاخۆ دەبێت بەو بلیمەتە گـەورەیـەی پەنجەی داهێنانی بۆ درێژ بکەن، یان شکست دەخوات و تەمەنی چەند ساڵی ڕەنج و ماندووبوونە بەردەوامەکەی دەدات بە دەم هەناسەیەکی ناسۆرییەوە! ئیتر یان دەبێت خۆی بکوژێت، یان بێگومانە لەناو جێگای لێکدانەوەیەکی بێئاکامدا ژیانێکی ئیفلیج بەسەر دەبات.

دیسانەوە بە تووڕەیی ئەو ڕستانەی کوژاندەوە، کە لـە تـوانـای وشەکانیدا نـەبـوو جوانییەک، درەوشانەوەیەک، تەنانەت پرشنگێکی زیندووی دلۆڤانی خۆیان بدەنە هەستە برۆزەکەی. وشەکان تەواو لەو تارماییە ڕەشانە دەچـوون کە شەوانە کەسانی ترسنۆک دەیانبینێت و لە پرێکدا ون دەبن، بەڵام ئاسەواری ترسەکە جێگا بەو کەسانە چۆڵ دەکات کە هەر دەڕۆن و ئاوڕدەدەنەوە، هەر دەڕۆن و ئاوڕ... هەر دەڕۆن و ...

لە ڕاستیدا ئەو لەگەڵ وشەدا پەیوەندییەکی زۆر قووڵ و بەتەمەنی هەیە. وەک ئاشق دڵدارییان لەگەڵدا دەکـات، تەنانەت نـازی سەرکێشیی و یاخیبوونیان هەڵدەگرێت، بەڵام هەیانە لەوە بە دزێوتریان دەزانێت کە بە ئاقاریاندا گوزەر بکات. لای ئەو لەنێوان ئەم دوو هەڵوێستەدا هیچ سازشێک بۆ گونجاندن نییە. وشە یان ڕەشـە، یان سپی. سپییەکان بە گیانی مانا گەورەکانی ژیان تەژین و لەنێو ئاسمانی نووسیندا جریوەیانە، ڕەشەکانیش لە دارەمەیتێکی دزێودان تەنیا لەسەر شانی پیاوانی بچووکدا جێگایان دەبێتەوە.

سۆفتەکەی دەسـتـی گـۆڕی، بـۆ هـونـەری نووسین لەوانەیە ئەم گۆڕینەیش بەشێک بێت لەو ڕازە سەیرانەی لەناو نووسەرانی دنیادا باوە. بۆ نموونە نووسەرێک ئەگەر گوڵێکی زەرد بەرانبەر بە خۆی دانەنێت، ناتوانێت بنووسێت. یەکێکی دی لە کاتی نووسیندا پێویستە هەردوو قاچی لەناو ئاودا بێت. ئەویان تەنیا بە قەڵەم ڕەساس نەبێت تاقە وشەیەکی بۆ ناخرێتە سەر کاغەز. ئەمیان لە شەوداو ئەویان تەنیا لە بەیانیاندا، ئەمیان بە مەستیی دەرگـای ئیلهامی لێ دەکرێتەوەو ئەوی تر کە مەست بوو (وەک خۆی) دێڕێکی ڕاستی بۆ نانووسرێت، بەڵام لە هەموو ئەمانە سەیرتر ئەو نووسەرەیە کە دووپشکێکی بۆ دەخەنە ناو سوراحییەکی سەرگیراوی شووشەوەو لە نزیکییەوە دای دەنـێـن. ئـەو لە هـەر سەرهەڵبڕینێکدا بە قووڵیی لێی ورد دەبێتەوە، جا حەزی لە چ شتێکی دووپشکەکەیە ئەمە نە خۆی دەیزانێت و نە هاوڕێ سایکۆلۆژستەکانی. بەڵام بەپێی لێکدانەوەی ئەم، ئەو نووسەرە بە خۆی بزانێت یان نا، گرێیەکی دەروونیی هەیە یان نەخۆشە. لە لایەکەوە دەیەوێت بـە دووپشکەکە بڵێت شلەی قەڵەمەکەی تۆ ژیان دەوەستێنێت، شلەی قەڵەمەکەی من ژیان دروست دەکات، کەواتە دەزانیت جیاوازیی من و تۆ لە چیدایە؟ بەڵام خۆ قەڵەمیش هەیە ژیانی وەستاندووە، ئاگری شەڕێکی خۆش کردووە، هەزاران دووپشک ناگەنە داوێنی تاوانەکەی! لە لایەکی ترەوە ئەم لە پەلەقاژەی دووپشکەکە ورددەبێتەوەو تەواو پێی دڵخۆشە، کاتێک دەبینێت دووپشکەکە لە کۆڵانێکی بنبەستایە، لەناو شووشەکەدا دێت و دەچێت، سەردەکەوێت و دەکەوێتەوە خوارێ و دیسـانـەوە دەسـت پـێ دەکـاتــەوە. لەوانەیە ئـەم نـووسـەرە، پیشەکەی خۆیشی وەک کاری دووپشکەکە بەبێهوودە بزانێت و وەک ئەنجام بێجگە لە هیچ چیتری بۆ نەمێنێتەوەو کەچی نەیشتوانێت دەستبەرداری نووسین بێت. هەر لەبەر ئەمەیە چێژ لە ڕەفتاری بوونەوەرێکی تر وەردەگرێت کە هەوڵەکانی لە ڕەنجەکەی خۆی دەچێت، بەڵام ئەمە گریمانەیەکی تەواو خەیاڵئامێزەو تەنیا بۆ شاعیرو نووسەر ڕەوایـە بیریان لێ بکاتەوە، چونکە کێ ناڵێت دووپشکەکە ناو شووشەبەندەکە بە بەهەشتی خۆی نازانێت! کێ چووزانێت! کێ؟

بە خۆی وت: تۆ بڵێی ئەم وەستان و چەقبەستنی نەنووسینە خەتای ڕەنگی سۆفتەکان نەبێت! بۆیە ڕەشەکەی لابرد و سۆفتە پیرۆزەییەکەی هەڵبژارد، هەر ئاوا لەخۆوە نووسی: ئاسمان، دەریـا، گیا، کوژەکە، چاوو... هتد.

ئاسمان لەبەر خۆردا لە دەریایەکی بێ سنوور دەچێت کە...

«نا»

فەرشیی گیا بێ سنوورەکە هەر لە ئاسمانێکی...

«نا»

چاوە شینەکانی شەپۆلێکی پیرۆزەییان...

«نا»

کە منداڵ بـوویـن، بۆ چـاوەزار کوژەکەیان بەسەرشانماندا دەدووری... کەچی زۆریان هەر بە منداڵیی مردن و ئەوانەیشمان کە زیندووین تا ئێستا نەخۆشییەکانی ئەوسامان لە کۆڵ نەبووەتەوە...

«نا»

خەتی کوژانەوەی بەسەر هەموو ئەو دێڕانەیشدا هێناو بە خۆی وت: (بێجگە لە چەند دەستەواژەو ڕستەیەکی وشک و ئێکسپایەر، چ جوانییەکیان تیا نییە).

سۆفتە پیرۆزەییەکەی فـڕێـداو بـەر دەرگـا داخراوەکەی ژوورەکەی کەوت، هاوسەرەکەی هەر لە پشت دەرگاکەوە لەسەر خۆ وتی: هیچت ناوێت؟ ئەو تەقەیە چی بوو؟

کە ئەم وەڵامی نەدایەوە، ئەو وتی: کە حاڵتان وایە بۆ ژن دێنن و خێزان دروست دەکەن؟ بۆ ناچنە دوورگەیەکی چۆڵ و هۆڵ و لەگەڵ سروشتا بژین؟

سۆفتە سوورەکەی بە دەستەوە گرت، هێڵێکی کێشاو لێی ڕاما، بیری ساڵانێکی هەڕەتی لاویی خۆی کەوتەوە، زیاتر بیری کردەوەو هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، ئینجا نووسی: لێوی ئاڵی بێ سوراوت... من ڕەنگی سوورم بۆیە خۆشدەوێ.

شەهیدەکان هاتن بە جلوبەرگی خوێنەوە...

وەستاو جگەرەیەکی داگیرساند، ئەو جگەرەخۆر نییە، بـەڵام هەندێک جار بە مەستیی دانەیەک دەکێشێت.

بە خۆی وت: ئێستا ئەم سۆفتە سوورە ڕێگا داخراوەکانی نووسینم لێ دەکاتەوە. کەوانەیەکی کردەوە (ئەمشەو شەهیدەکان بە بەرگی سوورەوە دەگەڕێنەوە ناو شارو سەردانمان دەکـەن، ئێمە شایەتی گەندەڵیی و ناجوامێریی لەسەر گەلێک لە کۆنە هاوڕێکانی ئـەوان دەدەیـن. ئـەوان باش گوێمان بۆ ڕادەدێرن و پێمان دەڵێن: ئێمەیش ئەو نهێنیانەمان هێناوە کە تا ئێستا لەگەڵ خۆماندا بردبوومانە ژێر گڵەوە، وا ئێستا کاتی درکاندنیان هاتووە. ئێمە بۆیە هاتووینەتەوە تا بە ڕاشکاویی و لەبەرچاوی هەموو خەڵکیدا ئەوانە ڕسوا بکەین کە چۆن ئێمەیان بە براکانی خۆمان بەکوشت داو پاشانیش بۆ ڕێ ونکردن ئەوانیشیان بێ سەروشوێن کرد.

هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، فرمێسک لە چاویا قەتیس ما، کە خۆیشی نەیزانی بۆ شەهیدان بوو، یان بۆ بێ توانایی خۆی! دوای کەمێک بە خۆی وت: لەم ڕەنگە سـوورەدا سیحرێک هەیە کە حەماسەتی نووسەر سەردەخات و کۆنترۆڵی سیاسیی دێنێتە سەر سفر. ئەمە، بۆ گەلێک جار، هەتوانی زامە مەترسیدارەکانە و تەنیا نووسەر پەی پێ دەبات، چونکە ئەو نووسەرەی خاوەنی ئیرادەی خۆی نییە و سەر بۆ سیاسییەکان دادەنەوێنێت، کۆیلەیەکی گەمژەیە.

سەری هەڵبڕی و تەماشای تابلۆی سەر دیواری ژوورەکـەی خۆی کرد، کە هەرگیز لەوەوبەر بەو جوانییەوە نەیدیبوو. تابلۆی ژنە هونەرمەندێکی شـێـوەکـاری دانیمارکییە بە نـاوی (ئەنیتا)، ئـێـوارەیـەکـی دەمــەو خـۆراوایـە، کـەنـاری پەڵە هەورەکان زۆر سوورن و هەر لە خوێنی شەهید دەچن. بە خۆی وت: )شەهیدەکانی ئێمەیش- کە وەک خۆیان باسیان کرد چەند بەناهەق کوژراون- ئەوەندەیان بەسەر نووسەرێکەوە هەیە چیرۆکێکیان بۆ بنووسێت و خەتی کوژاندنەوە بەسەر هیچ وشە و ڕستەیەکیدا نەهێنێت...

وەستا، کەوانەکەی دانەخست و قەڵەمەکەشی هەربەدەستەوە بوو.

ئێستا منیش وەک شایەتحاڵێکی ئاگادار لە ڕووداوەکانی تازە و کۆن، وەک هاوڕێیەکی نزیکی نووسەرەکەیش کە خۆی مۆڵەتی گێڕانەوەی ئەم کورتەچیرۆکەی پێ دام. لە زمانی ئەوەوە ڕاستییەک دەدرکێنم کە ئەو باسانەی شەهیدەکان گێڕایانەوەو خۆڵی شاردنەوەی چەند ساڵەیان لەسەر لابردن، هەروەها ئەم چیرۆکە نیوەناچڵەیش کە نووسەرەکە ڕێگای بڵاوکردنەوەی پێدام، هیچیان کۆتاییان نەهاتووە. بڕیارە شەهیدەکان جارێکی تر بگەڕێنەوەو نهێنی زۆر گەورەتر بدرکێنن، نووسەرەکەیش- وەک خۆی زۆر بە قەناعەتەوە دەیوت- بڕیاری داوە بە خۆی و هـەزاران وشەی پرشنگدارەوە پێشوازیی لەو شەهیدانە بکات و چیرۆکە ناوازەکانیان، وەک خۆیان، بۆ نەوەکانی داهاتوو تۆمار بکات.

٢٠١١/٥/١٥

## مردن؛

# بە کارەساتی جوانیی...!



### «چ شۆخییەکە لەجوانییدا مردن...!»

**بەختیار عەلی**

پرسیار لە چییەتی جوانیی پرسیارێکی سەختە، مرۆڤ نازانێ جوانیی سیفەتێکی زاتیی شتەکانە لەناو خۆیاندا، یان ئۆبژێکتێکە ئێمە لە دەرەوەی شتەکان ئەزموونی دەکەین...؟ ئایا جوانیی وەک خۆی و بە کەماڵیی لە توانای بینینداپە...؟ ئایا هەرشتێک ناشرین نەبوو، جوانە، وەک لۆژیک لە پێناسە کلاسیکییەکەیدا بۆی دەچوو...؟ پرەنسیپەکانی پێوانی جوانیی وەستاون، یان گۆڕاو؟ هێزێک لە مرۆڤدا هەیە جوانیی بناسێتەوە...؟ ئایا مرۆڤ بە سروشت جوانیی دەناسێت، یا بە ئەزموون فێری دەبێت؟ ئەگەر سروشتییە، بۆ منداڵێک دەتوانێت تابلۆی (دوا شێو)ی داڤنشی بدڕێنێت و گوێشی پێنەدا...؟ ئەگەر بەئەزموونیشە بۆ هەمان منداڵی پێشوو وڕک لە دایکی دەگرێت تا لە چوونەدەرەوەیەکی عەسرانەدا، (عەزییە سوورەکە) لەبەری ئەم بکات...؟ ئایا جوانیی شتێکە کە ئێمە خۆشمان لێیدێ..؟ ئایا جوانیی هەمیشە نیشاندانی شتێکی غەریبە... غەریبێک کە وێنەیەکی ئاشنای لە زەینماندا هەیە...؟

پرسیاری قورس ئەوەیە، ئایا دەتوانین جگە لە چێژ، لە جوانیدا ئێمە بیر لەشتی تر بکەینەوە...؟

سەرەڕای پێوەرەکانی ئیستاتیکا و ستانداردی کۆلێژەکانی جوانیناسیی و فەشیۆنکارەکان بۆ جوانیی، هێشتا ناتوانین جوانیی فۆرملیزەیشن بکەین... جوانیی ناتوانێت بچێتە لابوورەوە... هێشتا بەشێکی گەورەی جوانیناسیی وا لەسەری مرۆڤ خۆیدا، جوانیی بەو هەموو جەستەیەیەوە ناگیرێت، ئێمە کاتێک دەست لە تابلۆیەکی جوان دەدەین، پەردەو بۆیاخەکان بەر پەنجەمان کەوتوون، نەک خودی جوانیی خۆی، دواجار جوانیی ئەم وێنە ئایدیالییەی خۆی دەپارێزێت، ئەوەی بودابیەک لە ماڵەکەیدا هەڵیگرتووە، خودا نییە... وێنەیەکە لەسەر خودا... ئەوە ئیشی مرۆڤ خۆیەتی کە هەمیشە دەتوانێت وێنەیەک بۆ ئۆرگیناڵەکان دروست بکات، ئەم سکێچکێشانە بۆ «ئەسڵ» لە جوانییشدا هەروەهایە... لای سۆفییە گەورەکان، جوانیی بەشێکی دانەبڕاوە لەشکۆی خودا، دوعا بەناوبانگەکەی ڕابیعای عەدەوییە کە بەهەشت دەگۆڕێتەوە و ئامادەیە بچێتە دۆزەخ، بەمەرجێ؛ خودا «جمال»ی خۆی لێنەشارێتەوە، نموونەیەکی سادەی کۆنڤێرتی (٩٩) نـاوی خودایەکە بۆ سـەر تەنیا سیفاتێکی، کە جوانییە.

چیرۆکی دادگاییە بەناوبانگەکەی (فرێنی) لە ئەسینا، نموونەیەکی نایابی بردنەوەی جوانییە لە حەقیقەت... بە بڕوای چکۆلانەی من لە هەموو سەردەمێک و بێهەلاوێرد، جوانیی تەریب لەگەڵ حەقیقەت ڕۆیشتووەو هەندێ جارێش بە خێرایی داوێتی بەلایداو جێی هێشتووە.

خۆ جوانیی بەو ئەندازەیەی کە فەردگەراکان بۆی چوون، شتێکی تاکەکەسیش نییە، سوهراب وتبووی: «بۆ کەس لەقەفەزی خۆیدا داڵ ڕاناگرێ... وێنجە چیی لە گوڵاڵە سوورە کەمترە؟» بەم پێیە ڕێکەوتنێکی دەستەجەمعیش لەسەر ئۆبژێکتەکان هەیە، هەمووان لە نێوان بێچووە کەروێشکێکی خرپن و جرجێکی بۆردا سەرپشک بکەین، ئەوەی یەکەمیان لاجوان دەبێت...

جوانیی وەک یەکەیەکی سەربەخۆو سیفاتێکی زاتیی بەتەنیا لە ناوشتەکاندا نییە، جوانیی وەک مەلۆزمێک پێشمەرجێکی تری هەیە کە (چاو)ە.. «گۆران» ٥٠ ساڵ لەمەوپێش نوسیبووی «یەکێک لە موعجیزەکانی چاو ئەوەیە، وەک بەردی بەقیمەت بە هەموو ڕەنگێکەوە مەقبولە» گۆران بە قبووڵکردنی چاوە جیاوازەکان دەیەوێت بڵێت، کە ئەم پێشمەرجەمان دەوێت، تا کەشفی مەرجەکەی «کە خودی جوانییە» پێ بکەین. جوانیی وەک کارەساتێکی گەورەی جیهانیی کە لە ناوەوەی خۆماندا ڕوودەدات، ڕەنگە ببێتە هۆی مردنمان، مرۆڤ بە «جوانیی» بە خەستیی بریندار دەبێت و بەخەستیش درکی دەکات، بەڵام کێشەی گەورە ئەوەیە:ناتوانێت ئەمە بنووسێتەوە.

**توانا ئەمین**


ئەو بابەتانەی بۆ «پەیک»ی دەنێرن،
هەوڵبدەن لە 700 وشە تێنەپەڕێت.

سەرنووسەر
مەم بورهان قانع

سکرتێری نووسین
هیوا جەمال

سەرپەرشتیار
توانا ئەمین
twanaamin2@yahoo.com

لێپرسراوی هونەریی
شاخەوان ئەنوەر

ڕۆژنامە پەیک